www.kurdistannet.org
16-10-2005 16:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەلامێک بۆ شەیدا بلباس .. جەمال فەتاح

سەرەتا ئەوەندە بەختی کورد بێ یارەو سیاسەتیش ئەوەندە بێ وەفاو بێبارە زۆرکەسی فێر کردووە کەئەوەندە بێوەفابێت منەتی بەکەس نەبێت. ئەمە سەرەڕای سیاسەتی چەوتی داگیر کەران کەبەشێکی زۆر لەکوردی ڕاهێناوە کەپوازی داری خەباتو ئازادی کوردبێت وئەگەر ڕاستەو خۆنەتوانێت نۆکەرایەتی بکاتو لەخزمەتیدابن ئەوە تادێر زەمان ناڕاستەوخۆ لەخزمەتیاندابن.

ئەم کاکە شەیدایە وێنەیەکی لەپشتی پەرتوک خانەیەکەوە گرتووە کەچی لەبەشی چواری بەناوسێبەری دیکاتۆردا ئەلێت. کۆماری مەهاباد بابەتێکی لێکۆڵینەوەی ئەوتۆی لەبارەوە نەنووسراوە، تاوەکو تاقیکردنەوە یێکی مێژوویی کورد سوودی لێ وەر بگرێت.

کاکە شەیدا یەکەم مێژوی کۆماری مهاباد هێندە مێژویەکی دور نیە هەتا کورد نەتوانێت بەئاسانی لەگشت ڕوویەکەوە لەناوەرۆکی بگات. چونکە هێشتا بەشێکی زۆری لەنوسەران ورۆشنبیران وبەرئەندامەکانی کەبەشداری ڕاستەو خۆیان لەوشۆڕشەدا ولەکۆماری مەهاباد دا کردووە ئێستا کاتی ئەم نوسینەی منوتۆش لەژیانداماون وئاگاداری گشت ڕووەکانی سیاسی وئیداری وئابوری وکۆمەلایەتی ودبلوماسی وسەربازی وهتد. . ئەوشۆڕشەو ئەوکۆمارەن.

دووەم بەچی بەڵگەیەک جەنابت ئەیسەلمێنیت کەلێکۆڵینەوەی ئەوتۆی لەبارەوە نەنوسراوە، ئەم نوسەرانە کەناویان دێنم پرتوکو لێکۆڵینەوەیان لەسەر شۆڕشی مەهابادو کۆماری مەهاباد هەیە. 1-مامۆستا عەلی قازی کوڕی پێشەوای نەمر قازی محەمەد کەئێستا لەژیاندا ماوە. 2- مامۆستا خالدی حسامی هێدی شاعیر کەئێستا لەژیاندا ماوە. 3-مامۆستا محەمەئەمینی موکری هێمنی شاعیری نەمر. 4-شەهید دکتۆر عەبدالڕەحمان قاسملوی نەمر. 5-مامۆستا عەلی عەبدولا کەئێستا لەژیاندا ماوە. من وبەشێکی زۆر لەڕونکبیرانی کورد شاهیدی زۆرێک لەنوسەران ورۆشنبیرانی کوردین کەلێکۆڵینەوەو پەرتوکیان لەسەر ئەو کۆمارە هەیە کەئەگەر بمانەوێت ناویان لێرەدا ولەونوسینەکورتەدا تۆماربکەین دڵنیابە لەدەیان لاپەڕەدا ناوەکانیان وناوی بەرهەمەکانیان جێگای نابێتەوە. کەچی جەنابت لەپشتی ئە کتێبخانە گەورەوە ڕاوەستاوی کەچی ئەوە ڕای تۆبێت؟!من وەلامی ئەمیان بۆخوێنەران بەجێدەهێڵم، .

لەبەشێکی دیکەی نوسینەکەتدا دەڵێیت. ولاتانی ناوچەییش هیچ جۆرە لێکۆڵینەوە یێکی زانستیان لەبارەی دروست بوون وهۆی سەرەکی ڕوخانی هەر دوو کۆماری ئازەر بایجان ومەهاباد بەدەر نەخستووە کە لەهەربوارێک لە بارودۆخە کی ئەوکاتەی چ لەڕووی[مێژوویی، ڕامیاری کۆمەلایەتی، سەربازی، ئابووری، ئیداری. . ]، خۆیان پێوە خەریک کردبێت.

لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا کاکە بڵباس چاوەڕیی ئەوەئەکات دوژمنانی کورد مێژومان بۆبنوسێت بۆئەوەی بەردەستی بکەوێت وبێتو لەبەر چاوی ڕۆڵە کەم ئەزمونو سادەکانی کورد بیکات بەڕاست لەسەر شۆڕش وشۆڕشگێڕانی کورد هەر تەنها بۆئەوەی بەتاوانبار بژمێردرێن؟؟!!. جەنابت لەسەر ئەو گشت نوسەرو ڕۆشنبیرو کەسایەتیەی کورد دا چاوەڕوانی ئەوەبیت کەداگیر کەران مێژووی شۆڕشەکانی کورد بنوسێت جە نابت بچیت پرسیار لەوانبکەیت، ئەوە ئاردێکە ئاوی زۆری پێویستە لەسەر ڕۆشتنی زۆریشی دەوێت بەڵام من لەم بوارەکورتەدا بورام نیەبەداخەوە. باخوێنەرانی بەڕێز خۆیان سەرپشکبن لەدادوەری کردن.

لەبەشێکی دیکەی نوسینەکەت باسی سەرۆک مستەفابارزانی نەمر ئەکەیتو ئەڵێیت. بارزانی وخێڵەکەی بەشێکی گرنگی پێکهاتەی سەربازی کۆمارەکەبوون، هیچ ڕەخنەو هەڵسەنگاندنێکی سیاسیان لەمەڕ گۆڕانکاریە کانی ناوچەکە لەپاش بەجێنە ماوە، تەنها نووسینی ڕووداوەکان نەبێت کەبەشێوەیەکی زۆرسادە ساکارە. کەئەوەش بێ ئاگایی ونەخوێندەواری هۆشی سیاسی کورد دەر دەخات.

کاکە شەیدا لێرەداو لەم بەشەدا بەتەواوی سادەیی خۆت لەمەڕ گشت ڕووداوەسیاسیەکانی کوردستان نیشان ئەدیت، بۆیە منیش پێویستە بەم چەند خاڵە وەڵامی تۆی سادە بدەمەوە، یەکەم بارزانی وخێڵەکەی بەشداری سەربازی کۆماری مەهابدیان نەکردبۆئەمەیان شەکرت خوارد چونکە ئەوەی لەگەڵ جەنابی بارزانیدا بوون وبەشداری سیاسی وسەربازی کۆمەڵایەتی وورەیی کۆماری مەهابادیان کرد تەنها خێڵی بارزان نەبوون بەڵکو خەڵکی گشت شارو ناوچەکانی باشوری کوردستانی لەگەلدابوو وە ڕۆڵەی زۆربەی عەشیرەتەکانی ناوچەی بادینان وهەلێرو سلەیمانی وجافی لەگەلدابوو. نمونەی ئەوانەش کەلەگەل بارازیدابوون چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کوردستان بوون کەمحەمەد قودسی خەڵکی شاری سلەیمانی بوو خەیروڵا عەبدالکەریم خەڵکی هەولێر بوو عیزەدین خۆشناو خەڵکی شەقڵاوا بوو بەکورتی هەر یەکێک لەوانە خەڵکی شوێنێکی کوردستان بوو جەنابت بچۆ لەئارشیفی مێژوی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد بخوێنەرەوە بەهەمو بەشو جەڵدەکانیەوە ئەوسا بۆت دەر ئەکەوێت کەئەوانەی لەگەل بارزانی نەمر بەشداری شۆڕشی مەهابادیان کردووە کێن؟؟. وە بۆشت دەر ئەکەوێت کەئەومێژووە بەسادەیی نەنوسراوە ئەوکەسانەش کەئەو مێژووەیان نوسیوە لەجەنابت نەخوێندەوارو سادەترنین. ئیتر بەکام ماف تۆی زۆرسادە بەسەرۆک مستەفابارزانی وپێشمەرگە قارەمانە مێژوویەکانی بڵێیت (بارزانی وخێڵەکەی) جەنابت ڕاسپاردەی کام قوتابخانەی نەخۆشی کە بەخەیاڵی سادەو لاوازت ئەتوێت مێژوو بشێوێنیت مێژوی کێش مێژی سەرۆک مستەفا بارزانی نەمر.

باوەڕت بێت نوسینەکەت هندە سادەو تێکەڵو پێکەڵە مرۆڤ تاقەتی لەخوێننەوەشی ئەچیت. لەبەشیکی دیکەی نوسینەکەتدا باس لەوە دەکەیت دەڵێیت. دوای ڕووخانی کۆمار وهەڵاتن وبەجێهێشتنی خاکی ڕۆژهەڵات وپەنابردن بۆباکۆی پێتەتەختی ئازربایجانی سۆڤیەت، دواچارە ڕێی دەرباز بوون لەناو جەنجاڵی مێژوودا.

ئاڵێرەدا ناچارم بڵێم یان زۆر کۆڵە واری لەسیاسەتو نوسین یان بەئەنقەست خۆت لەڕاستیەکان گێل ئەکەیت. ئاخر کاکی بەویژدان تۆکە لەسەر مەسەلەیەکی مێژوویی

ئەنوسیت پێویستە مێژووەکەی وەکو خۆی باس بکەیت. چونکە تۆ ئەوتارەت لەسایتێکی ئەنتەر نێتدا بڵاوکردەوە بەشێکی زۆری ڕۆشنبیران وخەڵکی کورد ئەیبینێت. کەواتە نەدەبوو بەوشاشیە بەسەر مەسەلە مێژوویەکاندا بازبدەیت. ئاخر بارزانی وهەڤاڵکانی هەتا دوافیشەکو دوانان کەپێیان بوو لەدوای گیرانی جەنابی پێشەوا وهەڤاڵە کانی وڕوخانی کۆمار ئەوان بەرنگاری هێزەکانی شاهەنشاهی ئێرانیان کرد چەندین پێشمەرگەیان لەدوای ڕوخانی کۆمار لێشەهید بووە کەناوەکانیان لەمێژوودا نوسراوە. هەر وەها پێشمەگەکانی بارزانی بەبنەماڵەی بازانیشەوە گشت ژنو منداڵی خۆیان لەو شاخوکێوانە لەگەل بوو لەکاتی ئەو شەڕانە کەبەشێکی زۆری لەئافرەتو منداڵەکانیان یان لەبرسان مردن یان بەر هێرشی تۆپ وفڕۆکەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی کەوتن وشەهید بوون یان لەبەر سەرما ڕەق بوونەوە، پاش ئەوە شێخ ئەحمەدی براگەورە سەرۆک مستەفا بارزانی نەمر ناچار بوو لەگەل ژنو منداڵەکانی پێشمەرگەکاندا تەسلیم بەڕژێمی پاشایەتی ئەوسەردەمەی ئێراق ببێتەوە کەپاش تەسلیم بوونەوەیان هەر هەموویان گیران وبرانە خواروی ئێراق جەنابی شیخ ئەحمەد هەر لەزینداندا مایەوەو ژنو منداڵەکانی پێشمەرگەکان لەخواروی ئێراق زۆر بەڕیسوایی ئەژیان. سەرۆک مستفا بارزانی وپێشمەرگەکانیشی زیاتر لەمانگێک جەنگان لەگەل هەرسێ ڕژێمی ئێرانی تورکی وئێراقی ئەوسا بەبرسی وکەلەلایی گەیشتنە سەر ئاوی ئارازو بەناچاری داوای پەنابەرییان لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران کرد. من بەسەر چڵی ئەتوانم ئەو باسانە بنوسم چونکە لەوەزیاتر مەودام نیە لەم نوسینە کورتەدا. جەنابت باسی ئەو مەسیرە مێژووییە ئەوەندە قیزەون ئەگێڕیتەوە جگەلەوە مرۆ شەرم لەخۆی ئەکات کەتۆ مێژوی بارزانی وهەڤاڵەکانی بگێڕیتەوە ئەڵێی باسی مەفرەزەیەکی پاتی زانی ئەکەیت کەچونەتە سەرڕەبییەیەکی دوژمن. ئەمەشیان بەهەمان شیوەی پێشتر نازانم کورت بینی تۆیە یان نەخۆشی دەروونتە؟؟ بۆئەمشیان خۆت سەر پشکبە.

لەدێڕێکیتردا باس لە مێژوی بارزانی نەمرو هەڤاڵەکانی ئەکەیت لەیەکێتی سۆڤیەت وئەڵێیت. نۆساڵ دوور کەوتنەوە لەخاک پشوویکی کورت نییە بۆ خۆپێگەیانی ئەقلێکی سیاسی نوێخواز بۆشۆڕشێکی تر.

من داوای لێبوردن لەخوێنەرانی بەڕێز ئەکەم دیارە لەڕووی ڕێنووسەوە نوسینەکانی کاک شەیدا بڵباس تەواو نیە بەلآم من بەبێ دەسکاری وەکو خۆی نوسیومنەتەوە. بۆوەلآمی ئەو دوونیودێڕەی سەرەوەشت پێت ئەڵێم بارزانی و هەڤاڵەکانی نۆساڵ لەیەکێتی سۆڤیەت نەبوون بەڵکولەمانگی 1947/3هەتامانگی 1959/9 واتە دوازدە ساڵو شەش مانگ لەسۆڤیەتدا مانەوە نەک نۆساڵ، ئەم ڕاستییەش ئەوەی سەلماند کەنوسینە مێژووییەکانی جەنابت چەند لەڕاستی نزیکن؟؟!!.

لەبەشێکیتری نوسینەکەتدا ئەڵێیت. ئینقلابەکەی عەبدولکەریم قاسم وکردنی عێراق بەکۆماری، دەر گای بۆتەواوی نەیارە کانی پێش کۆماری خستە سەر پشت ومەلامستەفاوچەکدارەکانی بەشێوەیەکی ڕەسمی پێشە وازی هاتنەوە یان لەفڕۆکە خانە بەغداوە لێکرا.

لێرەشدا جەنابت ئەوەندەت هەڵە نوسی کردووە کەڕاستکردنەوەی کاتی زۆری ئەوێت. بەڵام هەر ئەوەندە ئەڵێم پیاوێکی وەکو جەنابت ئەگەر خاوەنی ئەوگشت پەرتووکەی پشت سەری بێت وخوێندبنیەوە ئەبێت زۆر بەڕێز بێت. ئەوە سەرۆک مەلا مستافا بارزانی وپێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی بوون کەهەڤاڵی بارزانی بوون گەڕانەوە نەک مەلامستەفا وچەکدارەکانی. تۆ باسی پێشوازی کۆمەنیستەکانی ئێراق وعەرەبەکان ئەکەیت کەچۆن ڕێزیان گرتن ولەسەر شاندایان نابوون کەچی خۆت ئەڵێی باسی مستەشارێکو چەکدارەکانی ئەکەیت کە باسی سەرۆکی نەتەوەیەک ئەکەیت. کاکی ڕێزدار پێت وایە جەنابت بەوە گەورە ئەبیت کەبەبێ ڕێزی باسی سەرۆک بارزانی بکەیت یان سەرۆک بارزانی بەوە لەکەدار ئەبێت، ئەگەر ئەوە ڕای تۆبێت قوڕ بەسەر کورد کەجەنابت نوسەرمان بیت.

هەرچەند لەمەشیاندا بەسەهودا چوویت، چونکە بارزانی نەمرلەکاتی گەڕانەوەی دا بۆئێراق لەسەر داوای جەمال عەبدولناسر سەرۆکی پێشکەوتن خوازی ئەوسەردەمەی عەرەب وسەرۆکی کۆماری میسرچووەمیسر سەردانێکی ئەوی کردو پاش گفتوگۆ لەسەر مافە نەتەوەییەکانی کورد لەگەل ناوبراو گەڕایەوە ئێراق لەوسەفەرەدا تەنها سێ لەهەڤاڵەکانی لەگەل بوون. ئیتر باقی هەڤاڵەکانی بەکەشتیەک کەناوی (گروزیا) بوو لەیەکێتی سۆڤیەتەوە هاتنەوە لەشاری بەسرە دابەزین چونکە بەشێکی زۆریان لەڕوسیا ببوون بەخاوەنی ژنو منداڵ بۆیە ژمارەیان زیاتر لەدووهەزار کەسبوون کەبەوکەشتیە گەڕانەوە بەسرای خواروی ئێراق. ئەمەش تەنها بۆئەوەی تۆو خوێنەرانیش تێبگەن کەجەنابت هەڵەیت لەم نوسینەتدا.

کاک بڵباس لەبەشێکی دیکەی بابەتە چەواشەکاریەکەتدا هەڵەی زۆرزۆرت کردووە بۆیە ناچارم هەمو ئەوبەشەی بەناو نوسینەکەت بنوسمەوە بۆخوێنەران پاشان سەرنجەکانی خۆم لەسەر نوسینەکەت نیشانی خوێنەرانی بەڕێزبدەم، بەڕیزت ئەنوسیت. لەرقە بەریێتی کە للە رەقی حکومەتی عێراقی ئەوسا وکێشە ی هەڵواسراوی بێ چارە سەری کورد. . ئەمریکا زیرە کانە لە درزی کێشە کە وە، هاتن کوردیان ڕاکێشا ناو مە یدانی گۆڕە پانی یاریە سیاسیە کە و وەک داردەستێک بە کاریان برد بۆمە بە ستی تایبە تی و کوردیش ڕاستەو خۆ گرێدرا بە بە رژە وە ندی سیاسە تی دە رە وە ی یە کێک لە گە ورە ترین چارە نوس سازی جیهان. هر زوو زە مینە یان بۆ خۆشکردو مە لا مستەفا ئەمجارە بە پاڵپشتی ئە مریکا لە ڕیی ئێرانەوە پشتگیری لێکرا بۆ بە رە گاربوونە وە ی لە گە ڵ حکو مە تی ناوە ندی بە بەغدا.

خوێنەران ورۆشنبیرانی ئازیز ئەبێت سەرەتا بەم برادەرە بڵێم، لەبێخەبەران کەشکەک شڵاوات. جەنابی هاتووە درێژەی نزیکەی چواردەساڵ شۆڕشی ئەیلولی مەزن وگشت ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەوشۆڕشەدا ڕوویان دا و لەحوکمەکانی یەک لەدوای یەکی ئێراقدا ڕویاندا بەدرۆو چەوشەکاری بەتاکە شەش دێرونیو وەک حەبیبەڵا ئەیەوێت تێمان گەیەنێت.

کاکی زانا وانابێت سەرەتا هەموئەمشتانەی تۆباست کرد بەوشەش دێرونیوەی سەروە، سەرلەبەری هەموی درۆهەڵبەسراوی باخەڵی خۆتن، هیچ بێڕێزیش ناکەم چونکە تۆ ڕێزی خۆت نەگرتووە.

ئەمەش وەڵامە ڕاستەکەیەتی، هەڵبەت من وەکو تۆش بەبێ بەڵگەو بەبێ باج هیچ شتێک نانوسم ڕاستی ڕووداو چۆنە ئاوی ئەنوسم نوسینە پڕدرۆکەی جنابیشت بەهەمان شێوە ڕیسوا ئەکەم. یەکەم وڵاتانی خۆرئاواو لەسروی هەموانیشەوە ئیستعماری بەریتانیا نەک ئەمریکا قەومییەکانی ئێراقیان لەگەل بەعسیەکانی ئێراق هانداو دەعمو پشگیری کرد بۆڕووخانی قاسم نەک کورد، ئەوەبوو لە1963/2/8 بەعسیەکان وباڵی قەومیەکانی عەرەبی ئێراق ڕژێمی قسم یان ڕووخان بەکودەتایەکی سەر بازی پاشان کاتێک بەعسیەکان هاتنە سەر حوکم بۆبەریتانیاو بەرەی خۆرئاوا دەر کەوت کەبەعسیەکان خۆیان بەپارتێکی سۆشیالیستی ئەژمێرن وئەیانەوێت خۆیان لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران پێڵۆزبکەن نەک بەرەی خۆرئاوا بەسەرکردایەتی بەریتانیا بۆیە بەریتانیاو خۆرئاوا جارێکیکە زۆر زووبەزوو کەوتنەوە خۆیان وئەمجارە قەومییەکانی ئێراقیان هاندا بەسەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف کە ئەوکات سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق بوو وە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیش یەکێک بوو لەسەرکردەکانی زوباتی ئەحراری ئێراق کەکودەتا لەبەعسیەکان ونازم گزار بکات، ئەوە بوو هێشتا حوکمی بەعسیەکان چوار مانگی تەواو نەکردبوو لە1963/6/6 بەکودەتایەکی سەربازی قەومیەکانی عەرەبی ئێراق بەسرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف کورسیەکەی بەغدایان داگیر کردەوەو پاشان عەبدولسەلام ئەوەبوو لەڕێگای بەسرا بۆبەغدا لە فرۆکەکەیدا سوتاو پاشان عەبدولڕەحمان عارفی برای جێگای گرتەوە هەتا1968/7/17 کە بۆدواجار بەعسیەکان کورسیەکەی بەغایان لەعەبدولڕەحمان عارف وەر گرتەوە ولەو بەروارەوە نزیکی سیوپێنج ساڵ حوکمی ڕەشی خۆیانکرد.

ئیتر لەسەرەتای ساڵی 1963 بەدواوە هەتاساڵی 1972 کەبەعسیەکان بەناوخۆماڵیکرندنی نەوتی ئێڕاقیان ڕاگەیاند بەڵام بەشێکی نەوتەکە هەر ئەدرا بەئینگلیز لەبری کومپانیا کانیان کەدایان مەزراندبوو هەمووڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراق پیاوی بەریتانیاو بەرەی خۆرئاوابوون بەئەمریکاشەوە. ئیتر شۆڕشی کورد چی دەورێکی بۆئەمریکا بینیوە تاکو شۆڕش پیاوی ئەمریکابێت وئەمریکاش کەڵکی ئابوری خۆی وەر بگرێت. لەدروست بوونی حکومەتی ئێراقەوە هەتا ساڵێ 2003 دەوڵەتی ئەمریکا جگەلەبازاڕی ڕەش قەترەیەک نەوتی بەڕەسمی لەڕژێمەکانی ئێراقی وەر نەگرتووە. ئیتر لەپێناوی چیدا شۆڕش ئەکەیت بەپیاوی ئەمریکا بۆئەمەیان ئەبێت جەنابت بەو نوسینە بەرزەی خۆت وەڵام بدەیتەوە نەک من.

لەلایەکیتر دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولی مەزن جەنگێکی داسەپاوی ڕژێمی قاسم وکۆمەنیستەکانی ئەوسەردەمەی ئێراق وباڵی شۆڤێنی ئەو سەردەمەی عەرەب بەگشتی وعەرەبی ئێراق بوو بەتایبەتی وە ڕژێمە داگیر کەرەکانی کورد و مەلیکو ملوکی شۆڤێنیستی عەرەبی کە هەمویان چوونە ژێر کلێشەی قاسم و پەشیمانیان کردەوە لەوپەیمانانەی کەلەگەل کوردو سەرۆک مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی ئەوسەردەمەی پارتی دیموکراتی کوردستان مۆریانکرد بوو وەلەدەستوری کاتی ئێڕاقدا بڕیاری لەسەر درابوو. بەمجۆرەی خوارەوە، یەکەم، کۆمەنیستەکانی ئێراق واتە حزبی شیوعی ئەوسەردەمەی ئێراق

داواکردنی مافی نەتەوایەتی کوردیان بەشۆڤێنی بوونی کوردو جیاخوازیان ئەدالە قەڵەم چونکە جەنابیان ئەوکاتە ئومەمی بوون. دووەم باڵی شۆڤێنیستی عەرەبی بەهەموتوانایان دژی مافەنەتەوایەتیەکانی کورد بوون وەپشتگیری ڕاستەوخۆی قەومیە شۆڤێنیە کەلەوشکەکانی ئەوسەردەمی ئێراقیان ئەکرد کەبچنە ژێرکلێشەی قاسم وداوایان لێبکەن کەنابێت هیچ بۆکورد دیاری بکرێت. سێیەم ڕژێمەداگیر کەرەکانی کورد وەک ڕژێمی دیکتاتۆری شاهەنشاهی ئێران ورژێمی ڕەگەزپەرستی فاشی تورکیاو رژێمی سۆڤێنیستی عەرەبی سوریا هەرسێ لایان بەجیا لەڕیگای سەفارەتەکانیانەوە ئاگاداری ڕژێمی قاسمیان ئەکرد کەنابێت هیچ بەکورد بدرێت چونکە ئێمە ڕازی نابین چونکە ئەگەر ئێوە شتیان بۆبکەن کورد کێشەی گەورە ئەنێنەوە لەناوچەکەداو لەوانەیە ببێت بەهۆی تێکچونی جوگرافیای ناوچەکە بەگشتی. بۆیە ڕژێمی قاسمیش لەهەموشتێکی کورد پەشیمان بووەوەو لەباتی خزمەتی میللەتی کورد هەموسوپای سەرکوت کەری ئێراقی هێنایە کوردستان ودەستیان کرد بەشەڕ فرۆشتن بەبارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وگرتنو کوشتنی جەماوەری بێتاوانی کوردستان، ئیتر کوردیش ناچار بوو بەوچەکەکۆنانەی کەچەکی پاش ماوەی جەنگی جیهانی دووەم بوو وەلەڕیگای قاچاخچیەوە گەیشتبوونە دەستی عەشایەری کورد بەو چەکانە کورد لەدەرگای ماڵی خۆیان سەنگەریان لێداو بەر سینگی دوژمنانی داگیر کەرو دلڕەقی سوپای عەرەبی ئێراقیانگرد، پاشان هێزی پۆلیسی کوردیش بەچەکو تەقەمەنی خۆیانەوە هاتنە ناوشۆڕشو گوڕوتینێکی گەورەتریان بەشۆڕشداو بووە هۆی ئەوەی کەچەند ناوچەیەکی کوردستان ئازاد بکرێتو بکەوێتە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وشۆڕش پێبنێتە قۆناخێکی پێشکەوتوانەتر. هەرچەند لەساڵی 1964دا شۆڕش بووبە دووبەش بەشێکی کۆڵێ لەشۆڕشداو بەشەکەیتری بەردەوام بوو بەڵام کوردو شۆڕش ڕۆڵی خۆیان هەربینی. ئەو ڕەوشی بێپشتیوانیەی شۆڕش بەردەوامبوو هەتا ناوەڕاستی ساڵی 1969 پاشان حکومەتی بەعس خۆیگرتو پەیوەندیەکانی خۆی لەگەل یەکێتی سۆڤیەتی جاران گرێداو چەکو فرۆکەو ناپاڵم وتۆپخانەی بەهێزو تانکی پێشکەوتوی لێورەگرت بەو چەکانە زۆری بۆشۆڕش هێنابوو ئەوجا سەرکردایەتی شۆڕش ناچار بوو لەپایزی 1969دا داوای یارمەتی لەدەوڵەتی ئێران بکات، هیچ شۆڕشێکیش لەدنیادا بەبێ هاوکاری و پشتیوانی دەرەکی نەهاتووەتەکردن، ئیتر ئەوەبوو حکومەتی ئێراقی ناچار کرا لە1970/3/11 داڕێکەوتن لەگەل کوردو شۆڕش بکات وە بۆئەو مەبەستەش چوار ساڵ ئاگر بەست لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش وحکومەتی ئێراقدا مۆرکرا بەو مەرجەی حکومەتی ئێراق لە1974/3/11 بەیانی ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان ڕابگەیەنن.

ئەوەبوو لە11ی ئازاری 1974 ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆکی ئەوکاتەی کۆماری ئێراق بەیان نامەیەکی کلکو گوێ کراوی لەسەر ڕادیۆو تەلەفزیۆنی بەغدا بۆکورد خوێندەوە جگەلەوە کەرکوک وخانەقین وناوچەتەعریبکراوەکانی تری کوردستانیان لەکوردستان دابڕیبوو ئەو حوکمی زاتیەی بەعسیەکان هیچیتری نەئەگەیان جگەلەتەسلیم بوون وژێر دەستی کورد، بۆیە کوردو سەرکردایەتی شۆڕشیش ئەوحوکمەزاتیە کلکوگوێکراوەی دایە دواوەو شەڕ لەنێوان کوردو ڕژێمدا دەستی پێکردەوە، لەماوەی یەک ساڵ شەڕدا دوژمن بەتەواوی دەستی بەردابووە وە لەبەردەمی ئیرادەی پۆڵاینی جەماوەری کوردستان وهێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، بۆیە ڕژێمی بەعس ناچار بوو بچێت هەموسەروەریەکانی خۆیو ئێراق وعەرەب بدۆڕێنێت تەنها لەپێناوی ئەوەدا شۆڕشی کورد لەناوبەرێت. بۆیە سەدامی دیکتاتۆر چوپەنای برد بۆ هەواری بۆمیدیانی گۆڕبەگۆڕ بۆئەوەی لەگەل شای ئێران ڕێکیان بخات هیچ مەرجێکیان نیو هەرچی شا ئەیەوێت ئەمان نایانەوێت. دیارە مەسەلەیەکی

مێژوویی هەبوو لەنێوان ئێراق وئێراندا هەندێک وشکایی نەوت خێزی ئێراق لەگەل ئاوی شەتل عەرەب کێشەی چەندین ساڵەی نێوان ئێراقو ئێرانە جگە لەتۆب الخزراو تۆب الکوبراو ئەبوموسا کەکێشەی هەمیشەی عەرەب وئێرانە دیارە سەدام پەیمانی ئەوەشی دابوو کەدەست لەئاوی شەتل عەرەب وناوچە ناوتیکانی لێواری شەتل عەرب هەڵئەگرێت بۆئێران کەکێشەی چەندین ساڵەیان هەبوولەسەری لەنێوان ئێراقو ئێراندا. ئەوەبوو لە1975/2/24 هەواری بوومیدیان چووەتاران بۆلای شای گۆڕ بەگۆڕ کاتێک مەسەلەکەی گەیاندە شا شاوتی من بەبێ فەر مانی ئەمریکا ناتوانم پەنجە لەئاوبکەم بەتایبەتی بۆڕێکەوتن لەگەل ڕژێمی بەعسی ئێراق کەبەتەواوی چووبووە باوەشی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کەدوژمنی قەستەسەری ئەمریکابوو، شا چوو بۆئەمریکا ئەوکاتە جیمی کارتەر سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکابوو هینری کێسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکابوو لەساڵی 1975 شاچووە لایان لەئەمریکاو مکەسەلەکەی تێگەیاندن، ئەی بەرژەوەندی ئەمریکا چیبێت لەوپلانەی کەلەکورد بکرێت ئێران بەشە نەوتی ئەمریکا لەوناوچە نە وت خێزیانەی لێواری شەتل عەرەب بدات، لەهەمانکاتی ئەو پیلانە سوریاو ئیسرائیل لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان کەئیسرائیل داگیری کردبوو شەڕیان بووئەمریکا وتی ئەگەر ئێراق دەستی لەشەڕی کورد بەرببێت ئەبێت بچێت سنوری سوریا بگرێت وهەڕەشەی لێبکات تاکو سوریانەتوانێت ئیسرائیل دەربکات لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان کاتێک شاپەیوەندی بەسەدام ورژێمی ئێراقی کرد یەکسەر ئەوان پەیمانیاندا وتیان باشە وائەکەین. ئەوە بوو هنری کێسنجەر هاتە ناوچەکە چووە نێوان سوریاو ئیسرائیل وتی یەک هەفتە ئاگر بەس بکەن پاشان ئیسرائیل ئەگەڕێتەوە. ئەوەبو یەک هەفتە ئاگربەسیان ڕاگەیاند لەوهەفتەیەدا لە1975/3/6دا شای ئێران وسەفیری یەکێتی سۆڤیەتی پێشو لەجەزایەروهەواری بۆمیدیان وسەدام حسەین بەسەرۆکایەتی هنری کێسنجەر لەالجەزیرەی پێتەختی جەزایەر کۆبوونەوەو پەیمان نامەی 6ی ئازاری 1975 یان ئیمزاکرد. کەپیلانێک بوو لەکورد کرا. خاڵە جەوهەریەکانی ئەو بەیان نامەیە ئەمانە بوون. ئێران پشتی کورد بەر بدات وهاوکاری تەواوی حکومەتی ئێراقی بکات بۆلەناوبردنی شۆڕشی کورد سەربازەکانی ئێراق بتوانن خاکی ئێران وئاسمانی ئێران بەکار بێنن بۆلەنابردنی شۆڕشو جولانەوەی کورد. هێزەکانی ئێران بەڕەسمی هاوکاری سەربازی وتەکنیکی هێزەکانی سوپای ئێراق بکەن بۆلێدانی جولانەوەی کورد. وەپێویستە بەهەمووودەستەکان شۆڕشی کورد لەناو بەرن. ئێراقیش دەست لەنیوەی ئاوی شەتل عەرەب ئەلۆوەند ڕوود هەڵبگرێت بۆئێران ئەو ناوچە نەوتیانەی گوێ رووباری شەتل عەرەب بەری لای ئێرانی بدرێت بەئێران، هەروەها ئێراق کەدەستی لەشەڕی کورد خاڵی بوو بەسوپاکەی بچێت سنوری سوریا بگرێت بۆئەوەی سوریا نەتوانێت هەڕەشەی دەرکردنی ئیسرائیل بکات لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان. ئێرانیش ئیمتیازە نەوتیەکانی بەپێی ڕێکەوتنی هەردوو ولات بۆئەمریکا زیاد بکات.

ئەوەبوو بەو پلانە نێودەوڵەتییە پشتی کوردو شۆڕشەکەیان شکاندو ئێراقیش بەهەڕەشەوە چووە سەر سنوری سوریاو سوریاش نەیتوتانی هێرشەکانی بۆسەر ئیسرائیل دەست پێبکاتەوە ناچار بوو سوپاکەی بێنێت سنوری ئێراقی پێبگرێت، بۆیە بەئێستاشەوە ئیسرائیل لەسەر بەرزاییەکانی جۆلانە. . .

کاکەشەیدا لەخاڵی کۆتایتدا ئەڵێیت، لە ساڵی85 یش سەر جە می تەواوی چە کداری هە موو حیزبە کان خۆی لە دەهەزار پێشمە ر گە نە دە دا. . کاتێک زیاتر لە دووسەد هە زار چەکداری جاش و خۆفرۆش لە شارو لادێ کاشە ی دە کرد. . جاخۆ ئەگەر حیزبی کەرانیش بریار چە کداری و چوونە شاخیان بدابوایە، هەر هیچ نە بێت بە قە د ئەم حیزبانە خە ڵکیان دوا دە کە وت!.

منیش پێت ئەڵێم جەنابت دیارە لەگەل قەڵەباڵغیدای کاکی پسپۆڕ شۆڕشی کوبا بەسەکردایەتی ئەو فیڵ کاسترۆیە لەساڵی 1959 کەڕزگاریان بوو ژمارەی هەموو پێشمەرگە کانی ولاّتی کوبا 1973 پێشمەرگەبوون، جەنابت پێت وایە پێشمەرگایەتی شاخ قات لەبەر کردن ووێنەگرتنە. من باوەڕ ناکەم جەنابیشتان سێرۆژ بۆکورد ماندوو بووبن بۆیە ئەوە ڕەئیتە بەرانبەر بەکوردو شۆڕش ولایەنە شۆڕشگێڕەکانی کورد، ئیتر فەلسەفەی وشکی چیمان بەسەردا لێئەدەیت .

شۆڕش وسیاسەت و نوسین فەنە هەموکەس نەلەبەریەتی ونەسەریشی لێیدەر ئەچێت بۆیە جەنابیشت لەباتی ئەم گشت بێرێزی نواندنەت بەرانبەر بەکوردو شۆڕش و سەر کردەکانی یان ئەوگشت ناڕاستی وچەواشەکاریانەت باشترە بڕۆی بەشوێن ڕاستیەکی کەبگەڕێیت کەهێزت بەسەریدا زاڵ بێت هەزرت بەسەریدا بشکێت نەک نوسین. .

جمال فتاح
2005/10/16
لەندەن

تێبینی
بۆ نوسینی ئەم وتارە کەڵک لەم سەرچاوانە وەرگیراوە. . .
1-پەرتووکی الحل و الحرب لەنوسینی د. محەمەد حەسەنین هەیکەل
2- بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لەنوسین ڕێزدارسەرۆک مەسعود بارزانی.